

# تف لە چی دەکەی؟

## شارەکەم، ئەی ماڵەکەم، گەر تۆ پاک و ڕازاوە بی، من هەست بە ئارامی دەکەم

من و زۆر کەسی دیکە، بەبێ ئەوەی تاوانمان هەبێت پێش ئەوەی لە دایک بین لە شارەکانمان دەرکراین، من خەڵکی ئەم شارەم بەڵام لە وڵاتی ئێران لەدایک بووم، دوای ئازاد بوونی هەرێمەکە، لە ساڵی ١٩٩٩ باوکم ئێمەی بۆ ئێرە هێنایەوە، ئەوە بوو سەر لە نوێ ژیانمان دەست پێکردەوە.

بیرمە تازە هاتبووینەوە، سەرنجی هەندێک شتم دەدا، هەندێک دیاردە کە لە وڵاتی ئێران نەمدەبینی، بۆ نموونە، خەڵکم دەبینی (ببورن) تف وبەڵغیان لە سەر شۆستەو جادە و لەناو ئوتومبیلەوە راستەوخۆ ڕوو دەکەن!!

لای من زۆر سەیر بوو، بیرم دەکردەوە، بۆ خەڵکی وا دەکەن، ئەی ئەمە خاکی ئەو وڵاتە نیە کە بە هەزاران شەهیدمان لە پێناوی داوە؟

ئەدی ئەگەر ئێمەی تفی لێبکەین و پاک راینەگرین مانای چیە بە ماڵ وگیان فیداکاری بکەین؟

بۆچی زۆربەی پیاوەکان تف لە زەوی ڕوو دەکەن؟ بۆ دەستەسر گرانە یان ئەوەتا بیریان لێینەکردوەتەوە؟

ئەمڕۆ دوای حەوت ساڵ لە هاتنەوەم بۆ ئەم شارەو گوزەرانم لێرە دەبینم هەمان دیاردە بەردەوامەو خەڵکی تف لە خاک و زەوی دەکەن، پرسیارەکانی منیش هێشتا بێ وەڵام ماونەتەوە، تا ئەوکاتەی توانیم پرسیارەکانم بکەم بە ڕیپۆرتاژێک و لە دووتوێی لاپەڕەکانی هەفتەنامەی گوڵاندا بڵاوی بکەمەوە.

ڕیپۆرتاژ: هانا گۆران

## خەڵکی دیکە

له ساڵی ١٩٩٤ خەڵکی وڵاتی چین ڕێپێوانێکی مەزنیان ڕێکخست، هەموویان دەیانویست واز لە ڕەفتاری تفکردن لەسەر زەوی بێنن، دەیانویست لە ڕێگەی خاوێنی شارەکانیانەوە بەرەو شارستانیەت بڕۆن، ئاخر جگە لە ناشیرینی ئەم دیاردەیە ناتەندروستیشەو چەندین نەخۆشی لە ڕێگەیەوە بڵاو دەبێتەوە. ئەوان وردە وردە پێشکەوتن و بەرەو شارستانی بوونەوە.

## تف لە تف!



**( ئەحمەد- ١٩ ساڵ) دەڵێ:** زۆر جار تف و بەڵغەمم لە سەر جادەو شەقامەکاندا بینیوە، خەڵکی لە بری ئەوەی دەستەسڕوکلینکس بەکار بهێنن زەوی بەکار دەهێنن!! هەر کە چاوم پێی ئەکەوێت لەبەر قێز و بێزاری بۆ خۆشم تف بەملاو ئەولادا ڕوو دەکەم، دوایی لە ڕەفتارەکەم پەشیمان دەبمەوە، چونکە منیش هەر تفم لەسەر زەوی کردووە.



**(عەلی- پۆلی سێیەمی ناوەندی) دەڵێ:** زۆر جار تێبینی ئەم ڕەفتارە ناشیرینەم کردووە بە تایبەتی لە لایەن گەنجەکانمانە، ئەوان گوێ نادەنە ئەوەی شار پیس بێت یان نەخۆشی بڵاو بێتەوە، من هەست دەکەم ئەمە نیشانەی بێ عەقڵیانە، من قەت وامنەکردووە، ناشیکەم چونکە دەستەسڕو کلینکس زۆرە بەکاریان دەهێنم دوای فڕێی دەدەمە ناو تەنەکەی زبڵ.
عەلی پێی وایە کە دەبێ ڕەفتاری پاکوخاوێنی لە قۆناغەکانی سەرەتایی قوتابخانەوە فێری منداڵان بکرێت بەمەیش لەسەری ڕادێن و دەبێتە بە بەشێک لە بیرکردنەوەیان پاشان ڕەفتاریان، پاک و خاوێنیش دەسپێکی شارستانیەتە.

## ئایا لە ماڵەکانتان وا دەکەن؟



**(هێرۆ-٢٣ ساڵ- فەرمانبەر) دەڵێ:** ئەمە ڕەفتارێکی زۆر ناشیرینە، ئەو کەسانەی کە دەیکەن دیارە نیشانەی کەمی و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانیەتیانە ئەگەر نا، ئایا ئەگەر مرۆڤ لە ماڵەکەی خۆی وابکات، ئایا دەتوانێ لەبەر پیسی بحەوێتەوە؟ بێگومان ناتوانێت.
من بۆ خۆم قەت ناتوانم تف لە سەر زەوی بکەم بەڵام زۆر جار شۆستەو جادەو شەقامەکان بەو شێوەیە دەبینم هەست بە بێزاری و قێز دەکەم .

**(ئیبراهیم ئەحمەد- ٣٥ ساڵ) دەڵێ:** ئەم دیاردەیە زۆر ناشیرینە،من وای بۆ دەچم کە ئەو کەسانەی دەیکەن لە ماڵەکانیشیان هەر پیس و پۆخڵن، چونکە پاک و خاوێنی مرۆڤ لە دەرەوەی ماڵی خۆی ڕەنگدانەوەی هەمان هەڵسوکەوتی ماڵەوەیەتی ، ئەگەر لە ماڵەوە پاک بێت لە دەرەوەش وایە، من کە شتی وا دەبینم هەست بە ناخۆشی و بێزاری دەکەم، خۆ لەوانەیە خۆشم وام کردبێت بەڵام زۆر ناچار بوومە، بەڵام لە ناوچە ڕۆژهەڵاتیەکان ئەمە شێکی ئاساییە بەڵام نیشانەی ناشارستانی ئەو شوێنانەیە.



## ئەرکی سەرشانی هاوڵاتیانە



**(عەبدوڵلا سەبری-٢٨ ساڵ) پێی وایە:** کە ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو هاوڵاتیانە کە دەبێ خۆیان خۆیان لە سەر پاک و خاوێنی ڕابێنن، بۆ نموونە ڕیپۆرتاژەکەی ئێوە دەسپێشخەریە بۆ کردنەوەی بابەتەکە لەوانەیە کەسی وا هەبێت بە بێ بیرکردنەوە بیکات چونکە لێی ڕاهاتووە، بەڵام چۆن ئێمە خۆمان بە گیان و ماڵ فیدای وڵاتەکەمان دەکەین ، پاک ڕاگرتنیشی ئەرکێکی نیشتمانیە. هەروەها دەڵێ لەوانەیە منیش وام کردبێت بەڵام دوای ڕاپۆرتەکەتان تەواو، چیتر وا ناکەم.

**(مەریوان تاهیر- وێنەگر لە زاگرۆس) وا باسی دەکات:** زیاتر لە ڕەمەزان ئەم دیاردەیەم بە دی کردووە، چونکە بەڕۆژوون و بە تایبەتی جگەرەخۆرەکان، قورگیان پڕ لە بەڵغەمە دەبێت دەبێ فڕێی بدەن، جا وا ناکەن پیسایی و بەڵغەمەکانیان لە کلینیکس بکەن، هەروەها دەڵێ : جاری وا هەبووە کە ئوتومبێلم لە پێش مزگەوت بۆ نوێژکردن ڕاگرتووە، کە هاتوومەتەوە تف و بەڵغەم لەسەر دەرگاکەیدا ڕوو کراوە، لە کاتێکدا کە خەڵکی خۆیان بە ئیماندارو موسڵمان دادەنێن پێغەمبەریش دەفەرموێ( پاک و خاوێنی لە ئیمانداریە) کەچی لە مانگی ئیمان و خواپەرستی ئەم دیاردەیە زیاتر دەبینێتەوە.



**(خاتوو ئاشتی عەبدوڵلا) پێی وایە:**
ئێستا کلینیکس لە هەموو شوێنێک هەیەو زۆریش هەرزانە، بەکارنەهێنانی تەنیا ئەوەیە خەڵکی ئێمە لە پاک و خاوێنی ڕانەهاتوون، هاوڵاتی ئێمە هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە پاک ڕاگرتنی شارەکەی ناکات، چونکە جاری وا هەیە مرۆڤ تفەکە نابینێت بە پێڵاو بەسەری دەکەوێت ئیدی پیسیەکە زیاتر بڵاو دەبێتەوە....
هەموومان دیاردەکەمان پێناشیرین و ناشارستانی و پیسە، جادەکانیشمان پڕ تف و بەڵغەمە، تۆ بڵێی تا ئێستا بیرمان لێی نەکردبێتەوە؟